# ڕاپۆرتی ١١٦ی لیستی سەرەکی عێراق

## ئایار – حوزەیران ٢٠٢٠

DTM
IOM DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

## خاڵە بنچینەییەکان




وێنەی ١. ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان بە تێپەڕبوونی کات

کۆکردنەوەی زانیاری بۆ خولی ١١٦ لە ماوەی مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجام درا. تاکو ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٠، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ٤,٧١٨,١٣٠ گەڕاوە (٧٨٦,٣٥٥خێزان)ی لە میانەی ٨ پارێزگا و ٣٨ قەزا و ٢,٠٤٢ شوێن دا دەستنیشان کردووە. ژمارەیەکی کەمتری گەڕاوەی نوێ لە خولی ١١٦ دا (١٢,٩٤٨) تۆمارکراوە بە بەراورد لە گەڵ خولی ١١٥ (٤٤,٧٧٨). ئەم ژمارەی گەڕاوەی نوێ یەکێکە لە نزمترین ژمارەکان لەوەتەی پرۆسەی گەڕانەوە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە دەستی پێکردووە. باوترین ئەو پارێزگایانەی کە لە ماوەی نێوان ئایار و حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ گەڕانەوەیان بۆ ئەنجام دراوە بریتین لە نەینەوا ( کە ٧,٥٤٢ کەس تێیدا تۆمار کراوە ) ، سەلاحەددین (٣,٢٢٢) و ئەنبار (١,٥٧٨) کەس . لە خولی ١١٥ەوە دا ئەم ڕێژەی کەمی گەڕانەوەیە جێی سەرسوڕمان نیە، بەو پێیەی کە بەرپرسانی حکومەتی عێراق بەدەوامن لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی قەدەغە و سنووردارکردنی هاتووچۆ بۆ پێشگیری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-١٩).

لە ماوەی هەمان کات دا تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ١,٣٨١,٣٣٢ ئاوارەی ناوخۆیی (٢٣٠,٢٢٢خێزان) کە بە ناو ١٨ پارێزگا و ١٠٤ قەزا و ٢,٩٧٧ شوێن لە عێراق دابەشبوونە (-٩ شوێن لە خولی پێشوویەوە) دەستنیشانکردووە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە تێکڕای ٨٢٠٨ ئاوارەی ناوخۆ یی بە بەراورد لەگەڵ خولی پێشوو کەمی کردووە.

سەبارەت بە شوێنی ڕەسەنی ئاوارە ناوخۆییەکان، هاوشێوەی خولی پێشوو ماوەتەوە، لە ٪٦٠ی قەبارەی هەنووکەیی ئاوارە ناوخۆییەکانی خەڵکی نەینەوان، بە تایبەتی خەڵکی موسڵ (٢٧٧٠٥٠ کەس)، شنگال (٢٦٥٥١٨ کەس)، بەعاج (١١٤٤٢٦ کەس). بەرزترین ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان دوای نەینەوا، خەڵکی پارێزگای سەلاحەدین و ئەنبارن، کە ٪١١ و ٪١٠ ی تێکڕا ی قەبارەی ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق پێک دەهێنن

### تێڕوانی گشتی ئاوارەبوون

**تاکو حوزەیرانی ٢٠٢٠**

| | |
|---|---|
| ١,٣٨١,٣٣٢<br>کەس ئاوارە ناوخۆیی | ٢٣٠,٢٢٢<br>خێزان ئاوارەی ناوخۆیی |

**پارێزگا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون**

| نەینەوا | دهۆک | هەولێر |
|---|---|---|
| ٣٢٤,٠٧٨ | ٣١٩,٠٦٢ | ٢٣٦,٤٩٦ |
| ئاوارەی ناوخۆیی | ئاوارەی ناوخۆیی | ئاوارەی ناوخۆیی |

**دابەشبوونی جوگرافی**

| ١٨ | ١٠٤ | ٢,٩٧٧ |
|---|---|---|
| پارێزگا | قەزا | شوێن |

### تێڕوانینی گشتی گەڕانەوە

**تاکو حوزەیرانی ٢٠٢٠**

| | |
|---|---|
| ٤,٧١٨,١٣٠<br>کەسی گەڕاوە | ٧٨٦,٣٥٥<br>خێزانی گەڕاوە |

**پارێزگا سەرەکیەکانی گەڕانەوە**

| نەینەوا | ئەنبار | سەلاحەددین |
|---|---|---|
| ١,٨٠٧,١٧٠ گەڕاوە | ١,٥٠٣,٤٦٨ گەڕاوە | ٦٩٢,١٤٢ گەڕاوە |

**دابەشبوونی جوگرافی**

| ٨ | ٣٨ | ٢,٠٤٢ |
|---|---|---|
| پارێزگا | قەزا | شوێن |

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی ئاوارەبوون، (٢) ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ هەر یەک لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون (٣) پشکی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ هەر کام لە پارێزگای ڕەسەن و پارێزگای ئاوارەبوون نیشان دەدەن.

## نەینەوا

٣٢٤,٠٧٨ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| موسڵ | ١٤٩,٨٠٢ |
| شێخان | ٥٤,١٢٠ |
| حەمدانیە | ٣٦,٦٩١ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٩٨ نەینەوا

٪٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: هەولێر، سەلاحەددین، کەرکووک و ئەنبار

## دهۆک

٣١٩,٠٦٢ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| سومێل | ١٧٦,٦٥٢ |
| زاخۆ | ١٠٤,١٠٦ |
| دهۆک | ٣١,٣٦٨ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٩٩ نەینەوا

٪١ ئەوانی تر

ئەوانی تر: سەلاحەددین، ئەنبار، کەرکووک، بەغداد

## هەولێر

٢٣٦,٤٩١ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| هەولێر | ٢١٥,٤٧٢ |
| مخمور | ٩,٩٨٤ |
| شقلاوة | ٥,١٥٤ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٤٧ نەینەوا

٪٢٩ ئەنبار

٪١٠ سەلاحەددین

٪١٤ ئەوانی تر

ئەوانی تر: بەغداد، هەولێر، کەرکووک و دیالە

## سلێمانی

١٣٩,٨٦٠ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| سلێمانی | ٨٨,٦٠٢ |
| کەلار | ٢١,٧٠٢ |
| چەمچەماڵ | ٩,٧٨٦ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٢١ سەلاحەددین

٪١٨ دیالە

٪١٧ ئەنبار

٪١٧ بەغداد

٪٢٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: نەینەوا، بابل، کەرکووک

## کەرکووک

١٠٠,٠٢٦ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| کەرکووک | ٨١,٥٢٨ |
| داقوق | ١٦,٦٤٤ |
| دوبس | ١,٤٢٨ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٥٨ کەرکووک

٪٢٢ سەلاحەددین

٪١١ نەینەوا

٪٩ ئەوانی تر

ئەوانی تر: دیالە، ئەنبار، بەغداد، بابل

## سەلاحەددین

٦٨,٧٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| توزخۆرماتوو | ٢٣,٣٤٠ |
| تکریت | ١٩,٣٠٨ |
| سامەڕا | ١٦,٨٦٦ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٨٨ سەلاحەددین

٪٩ کەرکووک

٪٣ ئەوانی تر

ئەوانی تر: دیالە، نەینەوا، ئەنبار

## دیالە

٥٣,٦٨٨ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| بەعقوبە | ٢٢,٢٩٦ |
| خانەقین | ١٧,١٠٠ |
| کفری | ٧,٦٨٠ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٨٦ دیالە

٪٨ سەلاحەددین

٪٦ ئەوانی تر

ئەوانی تر: ئەنبار، بابل، بەغداد، نەینەوا، کەرکووک

## ئەنبار

٣٦,١٦٢ ئاوارەی ناوخۆیی

◄ سێ لە قەزا سەرەکییەکانی ئاوارەبوون

| | |
|---|---|
| فەللوجە | ٢٢,٦٧٤ |
| ڕەمادی | ٧,٢٠٦ |
| ڕوتبە | ٣,٠٩٦ |

◄ پارێزگای ڕەسەن

٪٧٤ ئەنبار

٪٢٤ بابل

٪٢ ئەوانی تر

ئەوانی تر: سەلاحەددین، بەغداد، نەینەوا، کەرکووک

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون

## بەغداد

٣٥،٠٣٤ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: سەلاحەددین، دیالە، بەغداد، کەرکووک

## بابل

١٧،٠٠٤ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: ئەنبار، بەغداد، دیالە، سەلاحەددین، کەرکووک

## کەربەلا

١٥،٥٥٨ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: ئەنبار، کەرکووک، دیالە، سەلاحەددین، بەغداد

## نەجەف

١٢،٥٤٦ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار، کەرکووک

## واست

٦،٠٨٤ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: دیالە، سەلاحەددین، ئەنبار

## بەسرە

٦،٥٢٨ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: دیالە، بەغداد، بابل

## قادسیە

٣،٨٨٨ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: بەغداد، سەلاحەددین

## زیقار

٣،٣٩٦ ئاوارەی ناوخۆیی

سێ لە قەزا سەرەکیەکانی ئاوارەبوون




پارێزگای ڕەسەن




ئەوانی تر: بەغداد، سەلاحەددین، دیالە، کەرکووک، بابل

# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئاوارەبوون







## دوایین زانیاری سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارە ناوخۆییەکان

**ئامـارە گشـتیەکانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان:** لـە مـاوەی مانگەکانـی ئایـار و حوزەیـران دا، تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان ١,٣٨١,٣٣٢ ئـاوارەی ناوخۆیـی (٢٣٠,٢٢٢خێـزان)، کـە لـە نـاو ١٨ پارێـزگا، ١٠٤ قـەزا و ٢,٩٧٧ شـوێن لـە عێـراق دا بڵاوبوونەتـەوە دەستنیشـانکرد. تۆمـاری بەدواداچوونـی ئـاوارەکان بـە بـەراورد لـە گـەڵ خولـی پێشـوو کەمبوونەوەیەکـی بـە جیـاوازی ٨,٢٠٨ ئـاوارەی ناوخۆیـی تۆمارکـرد، کـە زۆرترینـی کەمبوونـەوەکان لـە نەینـەوا بـووە (-٤,١٣٤, -١٪)، ئینجـا سـەلاحەددین (-٢,٠٧٦, -٣٪) و بەغـداد دێـن (-١,١٢٨, -٣٪).

**جوڵـەی نوێـی ئـاوارە ناوخۆییـەکان:** سـەرەڕای تێکـڕای کەمبوونـەوەی ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان، ٣,٤٥٦ کـەس گەیشـتوونە نـاو شـوێنە هەڵسـەنگێراوەکان لـە مـاوەی ئایـار و حوزەیرانـی ٢٠٢٠ دا. زۆرینـەی تـازە گەیشـتووەکان (٢,٧٩٠ کـەس، کـە دەکاتـە ٨١٪ی ئەوانـەی تۆمارکـراون)، لـە شـوێنەکانی تـری ئاوارەبـوون دا هاتـوون. هەروەهـا ٧ کەسـی تـر لـە هەولێـر دووبـارە ئاوارەبوونەتـەوە، دوای گەڕانەوەی سـەرەتایان بۆ شـوێنی ڕەسـەنیان بـە هـۆی بارودۆخـی ئەمنیـەوە. دواجـار، ٦٦١ کـەس لـە ناوچـەی ڕەسـەنیان بـۆ یەکـەم جـار ئاوارەبـوون کـە زۆربەیـان بـۆ پارێـزگای سـلێمانی پەنایـان بـردووە (٦٣٦ کـەس) و ژمارەیەکـی کەمیش لـە نەینـەوا دیالـە تۆمارکـراون. زۆربەیـان لـە پارێزگاکانـی بەغـدا و سـەلاحەددین و نەینـەوا بـە هـۆی خـراپ بوونـی ڕەوشـی ئەمنـی و نەبوونـی خزمەتگـوزاری و کەمـی دەرفەتەکانـی کارکردنـەوە هەڵهاتـوون.

**ناوچـە ڕەسـەنەکانی ئـاوارە ناوخۆییـەکان:** ٪٦٠ی قەبـارەی هەنووکەیـی ئـاوارە ناوخۆییـەکان خەڵکـی پارێـزگای نەینـەوان، کـە زۆرینەیـان خەڵکـی موسـڵ (٢٧٧,٠٥٠ کـەس)، شـنگال (٢٦٥,٥١٨ کـەس) و بەعاجـن (١١٤,٤٢٦کـەس). دووەم و سـێیەم گەورەتریـن ڕێـژەی ئـاوارەکان خەڵکـی پارێـزگای سـەلاحەددین بـە ڕێـژەی ٪١١ و ئەنبارن و بە ڕێـژەی ٪١٠. قـەزا ڕەسـەنە هـەرە لـە پێشـەکان بریتین لـە توزخۆرماتـوو (٤٠,١٩٤ کـەس)، بەلـەد (٢٨,٦٣٢ کـەس) و بێجـی (٢٧,٨٠٤کـەس لـە سـەلاحەددین و ڕەمـادی (٦٧,٢٦٦ کـەس) و فەللوجـە (٤٨,٥٩٤ کـەس) و قائیـم ((١١,٩٥٨ کـەس) لـە ئەنبـار.

**جۆرەکانـی پەناگـە:** ٪٦٨ی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی تایبـەت دا دەژیـن (٩٣٦,٣١٨ کـەس)، ٪٢٤ی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە کەمپـەکان دان (٣٣٠,٣٢٤ کـەس) و لـە ٪٨یـش (١١٣,٩٢٨ کـەس) لـە پەناگـە نەگونجـاوەکان دا دەژیـن. کەمبوونەوەیـەک لـە ژمـارەی ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە کەمپـەکان دا دەژیـن بـە ٢,٨٦٨ کـەس تۆمارکـراوە کـە بـە زۆری لە نەینـەوا (-١,٦٦٨ کـەس)، هەولێـر (-٥٨٨) و ئەنبـار (-٥٨٨)بـووە. لـە سـەر ئاسـتی قـەزاش، سـێ لـەو قەزایانـەی زۆرتریـن کەمبوونـەوە لـە ژمـارەی ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە کەمپـەکان دا دەژیـن تییانـدا تۆمارکـراوە بریتیـن لـە حەمدانیـە (-١,٦١٤)، ئینجـا مەخمـور (-٥١٦) و سـلێمانی (-٢٤٦).

تێکـڕای ١١٣,٩٢٨ کـەس کـە لـە پەناگـە نەگونجـاوەکان دا دەژیـن تۆمارکـراون. زیادبوونێـک لـە ژمـارەی ئـەو ئـاوارە ناوخۆییانـەی کـە لـە پەناگـە نەگونجـاوەکان دا دەژیـن بـە ١,٠٢٦ کـەس (١٧١ خێـزان) لـە خولـی پێشـوویەوە تۆمارکـراوە. لـە سـەر ئاسـتی عێراقیـش تـا ئێسـتاش لـە ٪٨ی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە پەناگـە نەگونجـاوەکان دا دەژیـن، بـەڵام جیاوازیەکـی بەرچـاو لـە نـاو پارێـزگاکان دا بوونـی هەیـە: ئەنبـار (٪٤٨)، سـەلاحەددین (٪٢٩)، قادسـیە (٪١٩)، میسـان (٪١١)، بەغـداد (٪١٢) و دهـۆک (٪١١) و نەجـەف (٪١١).سـێ لـەو قـەزا هـەرە لـە پێشـانەی کـە تییانـدا ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە پەناگـەی نەگونجـاو دا دەژیـن بریتیـن لـە سـومێل (٢٧,٦٧٨)، فەللوجـە (١٢,٨٤٠) و سـامەڕا (٩,٣٧٢) و موسـڵ (٨,١١٢). هەروەهـا ٧٩ شـوێنی تریـش هـەن کـە ئـاوارە ناوخۆییـەکان تییـان دا لـە پەناگـەی نەگونجـاو دا دەژیـن کـە زۆربەیـان لـە قـەزای فەللوجـە و بـەسرەن.

**هـۆکاری جوڵـەکان:** تێکـڕای هۆکارەکانـی کەمبوونـەوەی ژمـارەی ئـاوارە ناوخۆییـەکان لـە نـاو هەمـوو خولـەکان دا وەک یـەک ماوەتـەوە کـە بەرەوپێشـچوون لـە ڕەوشـی ئاسایش و ئەمنـی، دابینکردنـی خزمەتگوزاریـەکان و نۆژەنکردنـەوەی خانـووەکان لـە ناوچـە ڕەسـەنەکان دا لـە خـۆ دەگرێـت. هاتووچـۆ لـە نێـوان پارێـزگاکان دا بـە هـۆی قەدەخـەی هاتووچـۆی سەرتاسـەری کـە لـە دەسـتپێکی مانگـی ئازاردا بە سـەر هەمـوو وڵات دا سـەپێرا سـنووردار کـراوە بـە هـۆی هەوڵەکانـی پێشـگیری کـردن لـە تەشەنەسـەندن و بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا.

وێنەی ٢. جۆرەکانی پەناگەی ئاوارە ناوخۆییەکان



# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە

ئەم هێلکاریانەی خوارەوە (١) ژمارەی گەڕاوەکان لە سەرجەم پارێزگا ڕەسەنەکان دا، (٢) ژمارەی گەڕاوەکان لە هەر یەک لە قەزا سەرەکیە ڕەسەنەکان، (٣) ڕێژەی گەڕاوەکان بە گوێرەی پارێزگای دوایین ئاوارەبوون و بۆ هەر پارێزگایەکی ڕەسەن نیشان دەدات.



# تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە گەڕانەوە

## دوایین زانیاری سەبارەت بە ڕەوشی گەڕاوەکان

**تێکرای ئامارەکانی گەڕانەوە:** تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان تێکرای ٤,٧١٨,١٣٠ گەڕاوە (٧٨٦,٣٥٥خێزان)، لە ناو ٨ پارێزگا، ٣٨ قەزا و ٢,٠٤٢ شوێن دەستنیشانکرد. ژمارەیەکی کەمتری تێکرایی گەڕاوەی نوێ لە خولی ١١٦ دا تۆمارکرا (١٢,٩٤٨) بە بەراورد لە گەڵ ژمارەی تۆمارکراو لە خولی ١١٥ دا (٤٤,٧٧٨) و هاوکات ژمارەکە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە بە بەراورد لە گەڵ خولی ١١٤ (٦٣,٩٠٤ ) . ئەم کەمبوونەوەی دەشێت بەشێکی بە هۆی قەدەخەکردنی هاتووچۆیەوە بێت کە لە دەستپێکی مانگی ئازارەوە لە پێناو پێشگیری کردن لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە سەر وڵات دا سەپێنرا.

ئەو پارێزگایانەی کە بەرزترین ژمارەی تێکرای گەڕاوەکان و بە هەمان شێوەش بەرزترین ژمارەی گەڕاوەی نوێ لەم خولەدا تۆمارکرا بریتین لە نەینەوا (١,٨٠٧,١٧٠، بە ٧,٥٤٢ گەڕاوەی نوێ)، ئەنبار (١,٥٠٣,٤١٨، بە ١,٥٧٨ گەڕاوەی نوێ) و سەلاحەددین (٦٩٢,١٤٢، بە ٣,٢٢٢ گەڕاوەی نوێ). لە ماوەی مانگەکانی ئایار و حوزەیران دا، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان ٢,٢٣٨ گەڕاوە (٣٧٣ خێزان) کە لە کەمپەکانەوە گەڕاونەتەوە دەستنیشانکردووە. زۆربەیان گەڕاونەتەوە بۆ پارێزگای نەینەوا (١,٥٠٦ کەس)، بە تایبەتی بۆ قەزاکانی شنگال (٦٦١ کەس)، بەعاج (٦٥١ کەس) و تەلەعفەر (١٨٠ کەس).

**ئامارەکانی سەر ئاستی قەزاکان:** لە سەر ئاستی قەزاکان، قەزای موسڵ لە نەینەوا ئەو قەزایە کە بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانی لە خۆ گرتووە دەمێنێتەوە: لە سەدا ٢٢ی سەرجەم گەڕاوەکان (١,٠٣٤,٤٣٠کەس). هەروەها موسڵ یەکێک لە گەورەترین لێشاوەکانی گەڕاوەکانیشی هەبووە لەم خولەدا، کە بە ٣,٥٩٤ کەسی نوێ تۆمارکراوە.

قەزای ڕەمادی لە ئەنبار، دووەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوەکانی هەیە (٥٩٣,٢٥٠کەس، ١٣٪ ی کۆی گەڕاوەکان) کە لە نێویان دا ١,٥٠٤ کەس بۆ یەکەم جار تۆمارکران لەم خولەدا. فەللوجە سێیەم بەرزترین ژمارەی گەڕاوەی هەیە (٥٥٢,١٣٨ کەس، کە دەکاتە ١٢٪ی کۆی گەڕاوەکان). فەللوجە تەنها شوێنە کە ژمارەیەکی کەمتری گەڕاوەی لێ تۆمارکراوە بە بەراورد لە گەڵ خولی پێشوو (بە ٦,٠١٢ کەس کەمتر). ئەو قەزایانەی کە ژمارەی گەڕاوەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادبووە لەم خولەدا، بریتین لە قەزاکانی شنگال (١,٠٥١ کەسی نوێ، کە ئێستا تێکرای ژمارەکە دەگاتە ٧٣,٤٧٠ کەس)، بەعاج (بە ١,١١٠ کەسی نوێ، کە ئێستا تێکرای ژمارەکە دەگاتە ٣٨,٢٦٨ کەس)، تەلەعفەر ( بە ١,٠٣٨ کەسی نوێ، کە تێکرای ژمارەکە دەگاتە (٣٤٦,١٤٦) هەروەها قەزای شرگات ( بە ٧٠٨ کەسی نوێ، کە تێکرای ژمارەکە دەگاتە ١٥٩,٠٦٠ کەس).[1]

**هۆکارەکانی گەڕانەوە:** تێکرای هۆکارەکانی زیادبوونی ژمارەی گەڕاوەکان لە ناو هەموو خولەکان دا وەک یەک ماوەتەوە کە بەرەوپێشچوون لە ڕەوشی ئاسایش و ئەمنی، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لەوانە، قوتابخانەکان و دەرفەتەکانی کارکردن و نۆژەنکردنەوەی خانووەکان لە ناوچە ڕەسەنەکان دا لە خۆ دەگرێت. هەروەها ژمارەیەکی کەمی

گەڕاوەکان دەکرێت بدرێتە پاڵ هۆکاری لە دەستدانی دەرفەتی کارکردن بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان بە هۆی سەپاندنی ڕێکارەکانی پێشگیری کردن لە تەشەنەکردنی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا. بەشێکی ئەم زیادبوونەش دەکرێت بە هۆی بەرفراوانکردنی ڕووماڵی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکانی بە لە خۆگرتنی شوێنی نوێ، کە پێشتر هەڵنەسەنگێراون. هەروەها لە قەزای تلکێف لە پارێزگای نەینەوا و قەزاکانی فارس و بێجی و سامەڕا لە پارێزگای سەلاحەددین، هەندێک لە خێزانەکان توانیان پاکانەی ئاسایش بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە ڕەسەنەکانیان بەدەستبهێنن.

**جۆرەکانی پەناگە:** نزیکەی سەرجەم خێزانەکان (٤,٤١٨,٩٧٤کەس، ٩٥٪) گەڕاونەتەوە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایيان کە لە دۆخێکی باش دا و لە ٢٪ی گەڕاوەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی تر دا دەژین ( لە گەڵ خێزانە لە خۆ گرەکان، لە هۆتێل/ مۆتێل یاخود شوێنی نیشتەجێبوونی بەکرێگیراو دا). لە ٣٪ی گەڕاوەکان (١٧١,٩٩٠) لە پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین. لە نێوان مانگی ئایار و حوزەیران دا، ٦,٥٤١ کەسی تر کە لە ناو پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین تۆمارکران (بە بەراورد لە گەڵ مانگی ئازار – نیسان)

بەرزترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی کە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی پەناگەی نەگونجاو و شلۆق دا دەژین لە پارێزگای نەینەوان (٥٣,٩٨٢)، بە تایبەتی لە قەزای موسڵ (٣٢,٥٨٦)، شنگال (٧,٨٦١) و تەلەعفەر (٧,٤٠٤) تۆمارکراون. هەروەها ژمارەیەکی بەرزی ئەو کەسانەی کە لە پەنگایە نەگونجاو و شلۆق دا دەژین لە پارێزگای ئەنبار تۆمارکراوە (٤٦,٠٥١)، بە شێوەیەکی سەرەکی لە قەزای ڕەمادی (١٥,٨٧٠) و فەللوجە (١٥,٢٢٨) و بەهەمان شێوەش لە پارێزگای سەلاحەددین (٣٨,٤١٨)، بە تایبەتی لە قەزای بێجی (١٠,٩٢٠) و تکریت (١٠,٠٦٢). بە تێکرایی نۆ شوێن هەن کە سەرجەم گەڕاوەکان تیای دا لە پەناگەی نەگونجاو شلۆق دا دەژین کە بە گشتی ٦,٢٠٤ کەس لە خۆ دەگرن. ئەم ئەم کەسانە لە چوار شوێنی جیادا لە ئەنبار ( ٣٩٦٠ ) ، دوو شوێن لە نەینەوا ( ١٢٤٢ )، یەک شوێن لە سەلاحەددین ( ٧٨٠ )، هەروەها دوو شوێن لە کەرکوک ( ٢٢٢ ) دەژین.

وێنەی ٣. جۆرەکانی پەناگەی گەڕاوەکان




[1] لە مانگی حوزەیران - تەمموزی ٢٠٢٠ دا ، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق چەندین خولی هەڵسەنگاندنی بەدواداچوونی بەپەلەی جێبەجێکرد ، زانیاری لەسەر ژمارەی ئەو تاکانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ قەزای شنگال و بەعاجی سەر بە پارێزگای نەینەوا ، لە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە ، هەروەها لە ناوخۆش لە ناو پارێزگای نەینەواوە ، بەرهەم هێنا . هەموو بەرهەمەکان بەردەستن لەم لینکەی خوارەوە

http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements

نەخشەی ١. بوونی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە ناوچەکان دا



# شێواز

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو زانیاری ورد سەبارەت بە خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان کۆ دەکاتەوە. زانیاری کە لە لایەن تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی (RART) سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ کۆ دەکرێتەوە، ئەم تیمانە زیاتر لە ١٠٠ ستافی مەیدانی پێک دێن، کە لە سەرتاسەری ناوچەکانی عێراق دا بڵاوبوونەتەوە- کۆکردنەوەی زانیاری بۆ خولی ١١٦ لە ماوەی مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ لە ناو ١٨ پارێزگای عێراق دا ڕوویداوە.

کۆکردنەوەی زانیاری لە لیستی سەرەکی ئاوارە ناوخۆییەکان و لیستی سەرەکی گەڕاوەکان لە ڕێگەی تۆڕێکی گەورەی باش ڕێکخراوی پێکهاتوو لە زیاتر ٩٥٠٠ هەواڵدەرەی سەرەکی، کە لە سەرکردەکانی کۆمەڵگا، موختارەکان، بەرپرسە خۆجییەکان وهێزەکانی ئاسایش پێک دێت ئەنجام دراوە. زانیاریەکانی تر لە تۆماری زانیاری ی حکومەت و ڕێکخراوە هاوبەشەکان کۆکراوەنەتەوە.
تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای مەیدانی سەر بە ڕێکخراوی جیهانی کۆچ (OM RARTs) بە بەردەوامی لیستی سەرەکی کۆ دەکاتەوە و دوو مانگ جارێک ڕاپۆرتەکەی بڵاو دەکاتەوە. جیاوازی لە ئاماری ئاوارەکان لە نێوان ماوە جیاوازەکانی ڕاپۆرت کردن دا تێبینی کراوە. هەرچەندە، دەستپێگەیشتنی سنووردار بە هۆی کێشە ئەمنیەکان و کوت و بەندەکانی تری کاری دەشێت کار بکاتەوە سەر چالاکیەکانی کۆ کردنەوەی زانیاری.جیاوازی لە ئامارەکانی ئاوارەکان ، لە نێوان ماوە جیاوازەکانی راپۆرت کردن دا، سەرەڕای گۆڕانکاری راستەقینەی ئاماری دانیشتوان ڕەنگە بە هۆی هۆکارەکانی تری وەک بە بەردەوامی دەستنیشانکردنی گروپە ئاوارەکانی پێشوو و لە خۆگرتنی زانیاری سەبارەت بە دووەم ئاوارەبوون لە ناو عێراق دا کاری تێبکرێت.
ئاوارەکان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی کۆکردنەوە، پشتڕاستکردنەوە، سێگۆشەسازی و دووپاتکردنەوەی زانیاری وە دەستنیشان دەکرێن. ڕێکخراوی جیهانی کۆچ بەردەوام دەبێت لە هاوکاری و هەماهەنگیەکی نزیک لە گەڵ بەرپرسانی فیدراڵی و هەرێمی و خۆجێی بۆ پارێزگاری کردن لە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە و وردی ئاوارەبوون لە سەرتاسەری عێراق دا. بۆ ئاسانکاری شیکاریەکە، ئەم ڕاپۆرتە عێراق بۆ سەر سێ ناوچە دابەش دەکات: هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی و هەولێر دەگرێتەوە، باشوور پارێزگاکانی، بەسرە، میسان، نەجەف، زیقار، قادسیە و موسەننا دەگرێتەوە، باکوری ناوەڕاست پارێزگاکانی ئەنبار، بابل، بەغداد، دیالە، کەربەلا، کەرکووک، نەینەوا، سەلاحەددین و واست دەگرێتەوە.

**شێوازەکە ئەم پێناسانەی خوارەوە بەکاردەهێنێت:**

ژمارەی کەسەکان بە لێکدانی ژمارەی خێزانەکان بە ژمارە شەش ژماردنیان بۆ کراوە، تێکڕای قەبارەی خێزانێکی عێراقی بە شەش کەس ئەژمار کراوە.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM) هەموو ئەو عێراقیانەی کە ناچارکراون لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بەو لاوە هەڵبهێن و تا ئێستاش لە نێو سنوورەکانی عێراق دا تا ساتی هەڵسەنگاندنەکەدا لە ئاوارەیی دا دەژین بە ئاوارەی ناوخۆیی ئەژمار دەکات.

تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان (DTM)، هەموو ئەو ئاوارانەی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنیان بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا ئەم ئاوارانە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان یاخود بۆ جۆریکی تری پەناگە، بە گەڕاوە ئەژمار دەکات. پێناسەی گەڕاوەکان پەیوەندی نیە بە پێوانەی گەڕانەوە بە سەلامەتی و شکۆمەندیەوە، هەروەها پەیوەندیشی نیە بە ستراتیجی دیاریکراوی چارەسەری هەمیشەیی.

شوێن، وەک ناوچەیەک دەستنیشانکراوە کە هاوتای گوندێکە بۆ ناوچە گوندنشینەکان، یاخود گەڕەکێک بۆ ناوچە شارنشینەکان (واتە چوارەم بەشی کارگێڕی فەرمی).

شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی بریتیە لە هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی بەر لە ئاوارەبوون.

شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت، مۆڵکی تایبەت، خانووی بەکرێگیراو، هۆتێل/ مۆتێلەکان و خێزانە لە خۆگرەکان دەگرێتەوە.

پەناگەی ناهەموار، نشینگە نافەرمیەکان، باڵەخانە ئایینیەکان، قوتابخانە و باڵەخانەی تەواونەکراو و بەجێهێڵدراو دەگرێتەوە. بۆ گەڕاوەکان، ئەو شوێنە نیشتەجێبوونە ئاساییانەش دەگرێتەوە کە بە سەختی زیانیان بەرکەوتووە یاخود ڕوخاون و بۆ ئاوارە ناوخۆییەکانش شوێنی نیشتەجێبوونی بە کرێگیراو بۆ ماوەی درێژ کە بۆ نیشتەجێبوون شیاو نین (هەمان تایبەتمەندی باڵەخانەی تەواونەکراو و بە سەختی زیانبەرکەوتوویان هەیە) دەگرێتەوە.

## ئەستۆپاکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

زانیاریەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها بۆ مەبەستەکانی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان دا هاتووە بە واتای پەسندکردن یاخود قایل بوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. زانیاریەکانی ناو پۆرتاڵ و ئەم ڕاپۆرتە ئەو زانیاریانەن کە لە دەرەنجامی زانیاری ی کۆکراوە لە لایەن تیمەکانی مەیدانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و زانیاریە تەواوکراوەکانی دابینکراو و بە گەرخراو لە لایەن دامەزراوە حکومی و دامەزراوەکانی تر لە عێراق دا ئامادەکراون. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەوڵ دادەت کە ئەم زانیاریانە تا ئەو پەڕی توانای بە تازەیی و ورد و دروستی بپارێزێت، بەڵام هیچ بانگشەیەکیش ناکات یاخود نیشان نادات لە مەڕ تەواوکاری، ورد و دروستی و گونجاوی زانیاریەکانی فەراهەمکراو لە ناو ئەم ڕاپۆرتەدا. ئەو ئالنگاری و کێشانەی کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن لە کاتی بەکارهێنانی زانیاری ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان لە عێراق دا بریتین لە دۆخی ناجێگیری جووڵەی ئاوارەکان هاوشان لە گەڵ حاڵەتی تەنگانەی چەند بارە بوو و نەگەیشتن یاخود گەیشتنی سنوردار بە هەندێک لە پارچەکانی وڵات. لە هیچ حاڵەتێک دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەرپرسیار نابێت لە بەرامبەر هەر زیانێک یاخود خەسارەتێک ئینجا ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یاخود بە شێوەی لێکەوتەیی، پەیوەست بە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە و زانیاریەکانی فەراهەم کراو لەم ڕاپۆرتەدا ڕوو بدەن.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچبەری (PRM) سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات بۆ پشتگیری بەردەوامیان. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق سوپاس و پێزانینیشی بۆ ئەندامانی تیمی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرای (RART) سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق هەیە بۆ کارەکانیان لە کۆکردنەوەی زانیاری و زۆر جار لە بار و دۆخە زۆر سەختەکاندا کۆڵیان نەدا و هەوڵ و کۆششە بێ ووچانەکەیان بوونە زەمینەی دروستکردنی ئەم ڕاپۆرتە.

IOM IRAQ